# ڕۆڵی میرگەهێن کوردی لە سەرهەڵدانی شیعری کلاسیکیی کوردیدا

# (بۆتان ـ بابان) بە نموونە


پ.د. عوسمان دەشتی
زانکۆی کۆیە ـ فاکەڵتیی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی
osman.hamad@Koyauniversity.org
٠٧٥٠٤٥٢٠٧٦٩

پ.ی.د. دەریا جەمال حەوێزی
زانکۆی کۆیە ـ فاکەڵتیی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی
darya.jamal@Koyauniversity.org
٠٧٥٠١١٢٢٩٩٢



٢٠٢٢ زاینی

٢٧٢٢ کوردی

## ڕۆڵی میرگەهێن کوردی لە سەرهەڵدانی شیعری کلاسیکیی کوردیدا

## (بۆتان ـ بابان) بە نموونە

**پێشەکی:**

میرایەتییە کوردییەکان لە مێژووی سەدەکانی نوێدا (سەدەی ١٦ تاوەکو سەدەی ١٩)، وەکو چۆن لە مێژووی سەدەکانی کۆن و ناوەڕستیشدا ڕۆڵێکی مەزن و دیاریان لە دیرۆک و ژیان و شارستانییەتی ناوچەکەدا گێڕاوە. شارستانییەت بە واتای پەرەسەندنی شار و باژێڕ و ئاوەدانی و بووژانەوەی ژیانی هزری و ڕووناکبیری لە ئەنجامی حوکمڕانییەکی بەردەوام و سەقامگیری سیاسیدا. یەکێک لە لە ڕووە گەشەکانی پێشکەوتن و ژیانی شارستانی هەر گەڵ و نەتەوەیەک لە هەر ڕۆژگار و سەردەمێکدا بووژانەوە و پێشکەوتنی چاند و ئەدەب و زانست و ژیانی ڕووناکبیرییە.

لەم ڕووەوە هەردوو میرایەتی دێرینی کوردی، (میرایەتی بۆتان لە سەدەکانی ١٥ و ١٦)دا، هەروەها (میرایەتی بابان لە سەدەکانی ١٨ و ١٩) دا، ڕۆڵێکی مەزن و مێژوویییان گێراوە لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی زانست و خوێندەواری و چاند و ئەدەبی کوردیدا بە تایبەتیش لە سەرهەڵدان و پایەداربوونی قۆناغ و قوتابخانەی شیعری کلاسیکیی کوردیدا. بۆ نموونە دەورەی یەکەم و دەستپێکی شیعری کلاسیکیی کوردی (( قوتابخانەی کوردی (کرمانجی) باکوور ـ بۆتانی )) لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەمەوە لە ژێر چەتری میرایەتی (جزیرا بۆتان) و لە ئامێزی ( خانەدانی عەزیران ) دا، لەسەر دەستی مامۆستای یەکەمی شیعری کلاسیکیی کوردی، ( شێخ ئەحمەدێ جزیری/١٥٦٨ ـ ١٦٤٠ ز ) سەری هەڵداوە و دەمەزراوە. هەر ئەمەش وای کردووە کەوا ئەدەبیاتی کوردی بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ببێتە خاوەنی ئەدەبێکی بەرز و هونەری توکمە و پێشکەوتوو کەوا شان لە شانی ئەدەبی میللەتانی ڕۆژهەڵات ( عەرەب، تورک، فارس ) بدات. ئەنجا هەر ئەم ڕێنیسانسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە بوو کە لەدوای شێخی جزیریش لەسەردەستی نەوەی پێشینی ئەم قوتابخانەیە لە وێنەی مەلای باتەیی و ئەحمەدێ خانی و پەرتویی هەکاری و بەکربەگێ ئەرزی و ... بۆماوەی دوو سەدە بەردەوامی هەبێ.

لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ داو لە ژێر قەلەمڕەوی میرایەتی باباندا و لە ئەنجامی ئاوەدانی و پێشکەوتنی خوێندەواری و زانست و زانیاری بەهاندان و پشتیوانی و لە ژێر سایە و سێبەری ( بنەماڵەی میرەکانی بابان )دا و لە ناوەند و پێگەی میرایەتییەکە دا ( قەڵاچوالان ـ سلێمانی)، دووبارە بووژانەوەیەکی ئەدەبی و ڕووناکبیری بە پیت و دەوڵەمەند و درەوشاوە هاتە ئاراوە، کە وەکو دەورەی دووەم و تەواوکەری قوتابخانەکەی بۆتان بوو، ئەمیش لەسەردەستی بەرەی یەکەمی شاعیرانی کلاسیکی کوردی (( قوتابخانەی کوردیی ( کرمانجی ) ناوەڕاست ـ بابان ))، بە تایبەتیش شاعیری پێشەنگ و بلیمەت و قافڵە سالاری قوتابخانەکە (( مەلا خدری شارەزووری ـ نالی/١٨٠٠ ـ ١٨٧٧ ز )) پایەدار بووە و لە دوای ئەویش پۆلێک لە شاعیرانی نەوەی یەکەم و هاوسەردەمی نالی، لە وێنەی؛ سالمی ساحێبقڕان، مستەفا بەگی کوردی، مەلاوەسمان، نەفعی ... تانوپۆی قوتابخانەکەیان تەواوکردووە و لە

ڕووی هونەری و داهێنانەوە بە ترۆپکیان گەیاندووە، کە لە دوای ئەوانیش بۆ ماوەی زیاتر لە یەک سەدە بەردەوامی هەبووە. بەمجۆرە دەبینین هەردوو میرایەتییە کوردییەکە لە بۆتان و باباندا ڕۆڵێکی مەزن و کاریگەریان هەبووە لە چەکەرەکردن و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هەردوو لقی قوتابخانەی شیعری کلاسیکیی کوردی ( بۆتانی و بابانی )دا.

لێرەوە ئەم توێژنەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و نیشاندانی ڕۆڵی هەردوو میرایەتی کوردیی ناودار ( بۆتان و بابان )، لە سەرهەڵدان و بوژانەوەی قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیکیی کوردی، بە هەردوو لق و هەردو دەورەکەیەوە، کەوا تەواوکەری یەکترین بەم شێوەیە:

قوتابخانەی شیعری کلاسیکیی کوردی

| | |
|---|---|
| دەورەی یەکەم | دورەی دووەم |
| شیعری کلاسیکیی کوردیی باکوور(بۆتانی) | شیعری کلاسیکیی کوردیی ناوەڕاست (بابانی) |
| ١٦٠٠ ـ ١٨٠٠ | ١٨٠٠ـ ١٩٠٠ |

باسەکە بە شێوەیەکی گشتی لە دوو بەش و چەند بڕگە و بابەتێک پێکدێت بەم شێوەیە:

**ـ بەشی یەکەم:**

١ـ میرایەتی بۆتان، کورتەیەکی مێژوویی.

٢ـ ژیانی زانستی و ڕۆشنبیری لە هەرێمی جزیرا بۆتاندا.

٣ـ مەلایێ جزیری وەکو پێشەنگی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکیی کوردیی ( لقی بۆتانی ).

**ـ بەشی دووەم:**

١ـ کورتەیەکی مێژوویی لە بارەی (میرایەتی بابان)ەوە.

٢ـ ژیانی زانستی و ڕووناکبیری لە قەڵەمڕەوی میرایەتی باباندا.

٣ـ نالی وەکو پێشەنگی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکیی کوردی (لقی بابانی).

**وشە سەرەکییەکان**: قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی، بۆتانی ـ مەلایێ جزیری، بابان و بابانی ـ نالی.

## بەشی یەکەم

### (١) میرایەتی بۆتان، کورتەیەکی مێژووی:

هەرێمی جەزیرەی بۆتان لە ڕووی جوگرافییەوە ناوچەیەکی کەونارای گرینگ و ستراتیژییە، لە نێوان وڵاتی شام و تورکیا و عەرەبستان دایەو جێگەی دڵی لە خاکی کوردستانی گەورەدا گرتۆتەوە. پایەختەکەی شاری جزیرەیە کە لە سەردەمانی کۆندا بە (جزیرة الاکراد ـ بیت قردو) ناسراوە. ناوی بۆتان لە (بوختان ـ بوهتان)ەوە هاتووە، کەوا هۆزێکی ناودار و ناسراوی ناوچەکە بوون، بە درێژایی چوارپێنج سەدە دەسەڵات و میرایەتی ناوچەکەیان بەدەستەوە بوو. هەرێمی بۆتان بەتایبەتیش پایەختەکەی جزیرە، کە شارێکی دێرۆکی و کۆنی کوردانە، لە ڕابردوودا ناوەندێکی ئابووری و بازرگانی و پردی پێکەوەگرێدان بووە لە نێوان ناوچەکانی ئیران و شام و عیراق و تورکیادا. (کۆمەکا ڤەکۆلەران، ٢٠٢٠، ١٣).

لە ڕاستیدا هەرێمی جزیرە و بۆتان وەکو مێژوونوسەکان باسیان کردووە هەم لە ڕووی جوگرافیا و هەم لە ڕووی مێژووییەوە بەلانکە و نیشتیمانی دایک و ڕەسەنی کوردان دەژمێردرێت (عزت، ٢٠١١، ٤٣).

خوولی دووەمی میرایەتی بۆتان لە دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەتابەگییەکانەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەهەمی زاینی لەسەر دەستی سلێمانی کوڕی خالیدەوە دەست پێدەکات. میر سلێمان کەسایەتییەکی بە دەسەڵات بووە لە هۆزی بۆتان و بە باپیرە گەورەی میرانی میرنشینەکە دادەنرێت. لەو سەردەمەدا و لە دوای ئەویش کوڕەکەی، میر عەبدولعەزیزی کوڕی سلێمان کوڕی خالید، یەکەمین کەسێک بووە کەوا فەرمانڕەوایی بۆتانی کردووە و لە ساڵی (١٢٨٦)دا میرنشینەکەی دامەزراندۆتەوە (توفیق، ٢٠٠١، ١٤٤). هەروەها ناسناو و شۆرەتی بنەماڵەی (عەزیزان ـ ئازیزان)، کەواتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لە پلەوپایەی دەسەڵات و میرایەتی لەو هەرێمەدا ماونەتەوە، لەم میر عەبدولعەزیزەوە داکەوتووە و ماوەتەوە (محەمەد، ٢٠١٨، ٦٧). ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگە، ئەو میر و فەرمانڕەوایانەی بۆتانن کە ماوەی باسەکەی ئێمە دەیانگرێتەوە واتە هەریەک لە:

ـ میر محەمەد کوڕی بەدربەگ.

ـ سوڵتان محەمەدی کوڕی میر محەمەد.

تا دەگاتە:

ـ میر شەڕەفی کوڕی خان ئەبدال.

واتە ئەو میر و مەزنانەی لە نێوان ساڵانی (١٥٧٠ بۆ ١٦٠٠ی زاینی) لەسەر زینی دەسەڵاتدابوون (هروری، ٢٠٠٤، ٤٨). یەکێک لە شوێنەوارە هەرە ناودارەکانی جزیرە لەو سەردەمانەدا شوورە و قەڵاتی شاری جزیرەیە کە بە (کەلها جزیرێ و بورجا بەلەک) ناسراوە و کەوا مەڵبەند و پێگەی حوکمڕانی میرەکانی بۆتان بووە و لە ساڵی (١٥٩٦) دا لەسەر دەستی میر شەرفدا ئاوەدان و نۆژەن کراوەتەوە. لە پاڵ نۆ مزگەوت و مەدرەسەی مەزن و ئاوەدان کە (مەدرەسا سۆر) یەکێکە لەو خوێندنگە ئاینییە ناودارانە بووە، کەوا جزیری شاعیری ئێمە بەشێکی ژیان و خوێندن و ڕۆژگاری زێڕینی زانست و سۆفیایەتی و شاعیریەتی تیادا بەسەر بردووە. (سمایل، ٢٠٢٢، ٤٨٧-٤٩٧)

## ٢ـ ژیانی زانستی و ڕۆشنبیری لە هەرێمی جزیرا بۆتاندا:

میرایەتییە کوردییەکان لە ڕابردوودا بەگشتی، لەگەڵ ئەوەی دامەزراوەی خێڵەکی و دەرەبەگی بوون، بەڵام لە ناوەڕۆکدا لە شێوەی دەوڵەتۆکەیەکی نیمچە سەربەخۆی خاوەن پایە و دەسەڵات بوون. میرە کوردەکان لە سۆنگەی جوامێری ئاینداری و خوا پەرستییەوە برەویان بە خوێندەواری و زانست و پەروەردە داوە و پشتیوانی و پشتگیری تەواویان لە مەلا و زانا و ڕابەرەکانی شەریعەت و تەریقەت لە ناو کۆمەڵدا کردووە، بۆیە ناوەند و پایتەختی میرایەتییەکان لە جزیرە و بەدلیس و ئامێدی، ڕەواندز و قەڵاچوالان و سلێمانی و سنە و ئەردەلان ... هەمیشە مەکۆی زانست و ڕۆشنبیری بوون و ئەم هەرێمانە هەمیشە تەژی بوون لە مەلا و زانا و دانا و خەڵکانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر (ئامێدی، ١٩٨٠، ١٦٤). حاجی قادری کۆیی نەمر (١٨١٦-١٨٩٧) زۆر بە دروستی تەعبیری لەم واقیعە کردۆتەوە کاتێک دەڵێ:

**حاکم و میرەکانی کوردستان**

**هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان**

**یەک بەیەک حافیظی شەریعەت بوون**

**سەیید و شێخی قەوم و میللەت بوون**

تەنانەت وا ڕێکەوتووە کەوا میر و پاشا و خانە کوردەکان خۆیان شاعیر و نووسەر و خەڵکی خوێندەوار و زانا و دانا بوون. خاوەنی کتێب و دیوان و تەلیفات و کتێبخانە و ئەرشیفی ناوازە و دەوڵەمەند بوون. هەر بۆ نموونە بزانن کەو گەڕیدەی عوسمانی (ئەولیا چەلەبی) لەکاتی ڕووخانی میرایەتی بدلیس لەسەر دەستی ئەحمەد پاشای والی عوسمانی لە ساڵی (١٦٥٥)دا، چۆن باس لە گەنجینەی کتێب و دەستخەت و ئەرشیف و کتێبخانەی تایبەتی (خان ئەبدال) دەکات؛ باری حەوت وشتر کتێبی دەنسقە و بایەخدار کە مۆری خانیان پێوە بوو، جگە لە حەفتاوشەش بەرگ کتێبی فارسی و عەرەبی و تورکی لە دانانی عەبدال خان خۆی لەگەڵ سەدوپێنج پارچە و نامیلکەی جۆربەجۆر کە زۆربەیانی بە زمانی فارسی نووسی بوو ... (ناکام، ١٩٧٩، ٢٧٨-٢٨٥). لە ڕاستیدا مرۆڤ کە ئەو ڕوومال و کەشفەی ئەولیا چەلەبی بۆ کتێبخانە و ئەرشیفی ئەبدال خان کردوویەتی دەبینی و دەخوێنێتەوە، سەری سووڕ دەمینێ و هۆش و بیری ڕادەوەستێ!.

لە سەدەکانی پازدە و شازدە و حەڤدەیەمدا بەهۆی ئارامی و سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی جزیرەدا بووژانەوە و ئاوەدانی ڕووی لە ناوچەکە کردووە و بەوپێە زانست و زانیاریش پێشکەوتووە. میرەکان بایەخیان بە دروستکردن و ئاواکردنەوەی مزگەوت و حوجرە و مەدرەسە و بنکەی فێرکردن و ئاینداری دەدا، هەروەها چاودێریان دەکرد و مووچە و بەرات و وەقفیان بۆ تەرخان دەکرد، مێژوو پێمان دەڵێت کەوا ((میر و پسمیرێت بۆتان گەلەک گوهدایە بەلاڤکرنا ڕۆشنبیری و نەهێلانا نەزانینێ برێکا ئاڤاکرنا مەدرەسا، خوێندنگەهو مزگەفتان، مەزخاندنا سەرمایەکێ مشە ئوبێ دەستگرتن ل زانان، دانان و ڕۆشنبیران و ل خوێندنگەهێت شاگردێت کورد. لوما شاگرتێت کورد ل هەر چار کەنارێت کوردستانێ سەر تێ دکر، ژبۆ دویماهی ئینان بخویندنا خوە ئو خوێندن نامە وەرگرتنێ)) (ئامێدی، ١٩٨٠، ٣١)

مەسەلەی بایەخدانی میرانی جزیرە و بۆتان بە ئاوەدانکردنەوەی مەدرەسە و مزگەوت و فێرگە ئایینییەکان لە مێژوودا شتێکی سەرنج ڕاکێشە، وا باس دەکرێت کەوا ((تەنیا لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا (٨٠) مزگەوتی گەورە و گچکە لە دەڤەری جزیرەدا هەبوونە)) (حسن، ١٩٨٩، ٢٤ـ٢٦). لە پاڵ ئەوەشدا بە دەیان کتێبخانەی مەزن و دەوڵەمەند لە ناوچەکانی جزیرەدا هەبووە کە دەوڵەمەندبوون بە سەرچاوەی هەمە چەشنەوە (محەمەد، ٢٠٠٠، ٩٤) هەر بۆیە لە مێژووی نوێدا ئەم دەڤەرە بە دەیان زانا و دانای ناوداری لە بوارە جیاوازەکانی زمان و ئەدەب و فیقهو تەفسیر و مێژوودا پێشکەش بە جیهانی ئیسلامەتی کردووە. ئەوانەی لەبارەی میرگەهێ جزیرا بۆتانیان نووسیوە ئاماژەیان بۆ فاکتەری ئاو و هەوای ئەم دەڤەرە کردووە، لەسەر کراوەیی و لایەنی هزری و ڕۆشنبیری دانیشتوانەکەی، تا ئەوەی لە خەڵکی ناوچەکانی دیکە باشتربوونە لە بواری زانست و تێگەیشتن و ئەدەب و تێڕوانین و لێکۆڵینەوەدا، لە پاڵ بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کاسبکاری و زیرەکی و لێهاتوویی بە هەموو شێوەیەکەوە (چالی، ٢٠٠٨، ٥٨).

## (٣) مەلایێ جزیری، وەکو پێشەنگی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی (لَقی بۆتان):

جزیری، سەردەفتەری شاعیرانی کوردە و بە مەزنترین و ناودارترین شاعیری کورد دەژمێردرێت لە مێژوودا. خەڵکی هەرێمی بۆتانە و لە شاری جزیرەدا هاتۆتە دونیا، لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدە و نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەدا ژیاوە (١٥٦٨ـ١٦٤٠).

سەبارەت بەو سەدەم و ڕۆژگارەی کەوا جزیری تیادا ژیاوە سەیدا عبدالرقیب یوسف دەڵێت: هۆیێ دەرکەفتنا سبەهیا مێژوویا کوردستانا سیاسی و نو لە چەرخا دەها کۆچی و شازدەهێ زایینیدا ئەوا کو ژ جەنگا (چالدیران) ساڵا (٩٢٠ک ـ ١٥١٤ز)دا لە نێڤ بەینا تورک و ئیرانیان دا یانی ژ یەکەتیا کوردان، میرانێن کورد ل کوردستانا ناوەندیدا ل ژێر حکمێ تورکاندا وەرگرتنا هندەک ژ مافێ نەتەوایەتییان لە نێڤ دەولەتا عوسمانیا تورکاندا (یوسف، ١٩٧١، ٦).

جزیری ڕۆڵەی ئەم چەرخەیە کە گیانی ئازادی و خۆبەڕێوەبەری و نەتەوە و نیشتیمانپەروەری تاڕادەیەک وەکو باسکرا، لە هەرێمی جزیرە و بۆتاندا بوژاوەتەوە. ئەو بە دابی مەلا و زانایانی کورد لە سەرەتاوە لە ناوچەکانی کوردستاندا گەڕاوە، زانست و زانیاری وەرگرتووە و لە هەر دوازدە عیلمەکانی شەریعەت و ئیسلامەتیدا بووە بە زانایەکی باڵا دەست و لە زمانەکانی عارەبی و فارسی و تورکیدا تاقە سوارە بووە لە مەیدان، بۆیە بەو سێ زمانەو بە کوردیش کە زمانی پەسندی خۆی بووە، شیعر و هۆنراوەی داناوە کە لە بەلاغەت و ڕەوانی و پاراویدا بێ نموونەن (هەژار، ١٣٥٩، ٢٢). ئەو ڕۆژگارێکی تەمەنی لە سەردەمی میر شەرەفی کوڕی خان ئەبدالدا (١٥٨٥ـ١٥٩٦ حوکمڕانی کردووە) بەسەر بردووە. میر شەرەف لە میرە ناودارەکانی خانەدانی ئازیزان بووە، کەوا میر شەرەفخانی بدلیسی (١٥٤١ـ١٦٠٤ز) لە شەرەفنامەدا زۆر بەشان و باڵیدا هەڵدەڵێ و دەڵێ: زۆر پیاوێکی دەست و دڵ و دەروون پاکە، فەقێ و مەلای زۆر خۆش دەوێن، زۆر مەدرەسە و مزگەوتی تازەی لە شاری جزیرە ئاوا کردۆتەوە. یەکێک لەو مەدرەسانە مزگەوتی سووری پێ دەڵێن، لە پەنای شورەی شارە و کەوتۆتە لای ڕۆژئاواکەی، مەوقوفەجاتێکی زۆر پڕ داهاتی بۆ ئەو مزگەوتە داناوە، تا لە پاش نەمانی خۆیشی مزگەوت هەر لە برەو دابێ و هەمیشە مەلا و فەقێی تێدابێ ... جزیری هەر

لەو مزگەوتەدا دەرس بێژ و پێش نوێژبووە. گەلێک مەلای لەو مزگەوتەدا ئیجازە داوە و دیارە هەر لەوێش مردووە و لە مزگەوتەکەدا نێژراوە (هەژار، ١٣٩٥، ٢٢). جزیری نێوانی لەگەڵ میر شەرەفدا زۆر خۆش بووە کە لە سایە و سێبەری ئەودا ژیاوە بۆیە ناودارترین قەسیدەی ستایشی لە دیوانەکەیدا بۆ ئەو هۆنیوەتەوە:

**ئەی شاهنشاهێ عوعەظظەم حەق نگەهدارێ تەبی**

**سوورەیی (انا فتحنا) دۆر و مادارێ تەبی**

**هەر کنارێ پێڤە وەرگێری عنانێ هممەتێ**

**زوهرە بێ پەیکێ تەو و کەیوان رکێبدارێ تەبی**

مەلا لە درێژەی قەسیدەکەیدا لە خوا دەخوازێت کە ئەو میرە کوردەی جزیرە کە ڕەواج بە خوێندەواری و بەدین و بە ئیسلام دەدات و یارمەتی مزگەوت و مەلا و فەقێیان دەدات تاوەکو دەرسی قورئان و حەدیسان بڵێنەوە، خوا هەر پایە بەرز و باڵا دەستی بکات:

**نەی تنێ تەبریز و کوردستان ل بەر حوکمێ تەبن**

**سەد وەکی شاهێ خوراسانێ د فەرروارێ تەبی**

**گەر چ دەرئیقلیمێ رابع هاتی تەختێ سەلطەنەت**

**پاشاهێ هەفت ئیقلیمان سەلامکارێ تەبی** (دۆسکی، ٢٠١١، ٣٠٤)

لە پێش جزیریدا لە نێو خوێندەوار و ڕۆشنبیری کوردان ئەدەبێک زاڵ بووە کە لەسەر ڕێوشوێن و تەقالیدی ئەدەبی عەرەبی و ئیسلامیدا دامەزرابوو، بە زمانی فارسی و عەرەبی بوو، هەر لەو ڕۆژگارەدا زمانی فارسی، زمانی شیعر و ئەدەبیات بوو لە سەرتاسەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا. وەکو لە پێشەوە گوترا، جزیریش شارەزایی تەواوی لە ئەدەبیاتی ئیسلامی و زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیشدا هەبوو، بەڵام بە هۆی ئەو کەشوهەوا ئازادی و سەربەخۆیییەی کە میران و میرایەتی بۆتانی لەو سەردەمەدا تیادا ژیاوە و هەروەها لە سۆنگەی بووژانەوەی شار و ئاوەدانی و پێشکەوتنی زانست و زانیاری و خوێندەواری لە هەرێمی جزیرەدا، سەرەڕای ئەو ئارامییە سیاسییەی کەوا باڵی بەسەر هەموو دەڤەری بۆتاندا کێشابوو لە سایەیدا گیانی نەتەوەیی و وڵاتپەروەری سەری هەڵدابوو، تەنانەت هەستی نەتەوە خوازی و نیشتیمانپەروەری و کورد بوون لەلای جزیری خۆیشی چەکەرەی کردبوو تا ئەوەی بانگی هەرتاکێک لە خوێندەوارانی گەلەکەی بکات و بڵێت:

**گەر لوئلوئی مەنثور ژ نەظمێ تو دخوازی**

**وەر شعرێ مەلێ بین تە ب شیراز چ حاجەت**

ئەنجا ئەم هەڵومەرج و هۆکار و فاکتەرە خوودی و بابەتیانە هەموو پێکەوە بوون بەهۆکارگەل و فاکتەرێکی بەهێز تا ئەوەی جزیری دەسپێشخەری بکات و زمانی کوردی هەڵبژێرێت و لەو چوارچێوەیەشدا شێوەزاری ماڵباتی ئەزیزان (بۆتانی) بکاتە زمانی شیعر و غەزەل و قەسیدەکانی بەو

شێوەزارە بهۆنێتەوە. جزیری وەکو داهێنەر و کارساز هاتووە پەیڕەوی لە هونەر و فۆڕمەکانی شیعری کلاسیکی عەرەبی کردووە و، لەسەر ڕێوشوێنەکانی ئەوان ڕۆیشتووە، یاساکانی عەرووز و بەلاغەت وکێش و سەروای شیعری عەرەبی پەیڕەو کردووە، بەڵام لە ڕێگەو لە بۆتەی زمانی کوردییەوە ئەم کارەی کردووە. واتە زمانە شیعرییەکەی کوردییە لەناو کوردیش شێوەزاری ئاخاوتنی بۆتانییە، هەرئەمەش بووە وای کردووە کەوا کوردی بۆتانی لەو قۆناغەداو دواتریش ببێت بە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی و شاعیرانی دوای خۆی لەسەر هەمان ڕێچکە و ڕێباز بۆ ماوەی دوو سەدە بەردەوامبن.

جزیری بەم هەنگاوەی تاقیکردنەوەیەکی تازەی لە ئەدەبی کوردیدا داهێناوە و دوابەدوای جەنگی چاڵدیران لە ساڵی (١٥١٤ز)دا ڕێنیسانسێکی لە ئەدەبی کوردیدا لە هەرێمی جزیرە و بۆتاندا بەرپاکردووە. کۆمەڵێک بابەتی تازەی لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە. کە لایەنی ڕوخسارەکەی خۆی لە پەیڕەوکردنی کێشی عەرووز و یەکێتی قافیە و ڕەوانبێژی شیعری عەرەبی ـ ئیسلامی (عەرەبی و فارسی و تورکی) دا خۆی دەنوێنێت و لایەنی ناوەڕۆکیش خۆی لە داهێنانی هونەری جوانکاری و مەبەستەکانی شیعرەوە بە دیاردەکەوێت کەوا جزیری لە چوارچێوەی سۆفیزمی ئیسلامیدا سامانێکی بەنرخی داهێناوە (خەزنەدار، ٢٠٠٢، ٢٦٣). بەم پێیە یاسا و دەستوور و پێوەرە ئەدەبییەکانی جزیری لە پاڵ زمانە کوردییە ئەدەبییەکەیشی بوون بە یاسا و ڕەگەزی سەرەکی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا کە دواتر شاعیرانی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە لە سەرەتاسەری کوردستان لە سەری ڕۆیشتوون و پێڕەویان لێ کردۆتەوە.

جزیری کە بە (شێخی جزیری) دەناسرێت و لە واقیعیشدا بەڕاستی (شێخی شاعیرانی کوردە)، هەروەکو زڤنگی دەڵێت؛ دیوانێکی بۆ بەجێ هێشتووین کە لە مەزنترین پلەکانی پاراوی ڕەوانبێژی دایە لە زمانی کوردیدا و شان لە شانی دیوانی حافزی شیرازی و جامی و ئیبن الفارض و فزوولی دەدات لە زمانەکانی دیکەدا (الزڤنگی، ٢٠١٣، ١٤). هەر لەو سەرچاوەیەدا هاتووە کەوا جزیری لە ناوەڕاستی سەدەی هەڤدەیەم، هاوچەرخی میر شەرەفخانی کوڕی میر ئەبدال بووە کەوا سەردەستەی میرانی ماڵباتی ئازیزان و بۆ ماوەیەکی درێژ فەرمانڕەوای میرگەهێ جزیرە و بۆتان بووە. هەر ئەویش مزگەوت و مەدرەسەی سووری ئاوەدان کردۆتەوە کە لە سەردەمی میر شەرەفی کوڕی میر بەدر لە ساڵی (١٥٠٨ز) بۆ یەکەمجار دروست کرابوون (سمایل، ٢٠٢٢، ٤٩٤). بەڵام میر شەرەفی میر ئەبداڵ دووبارە نۆژەن و ئاوەدانی کردۆتەوە و چەندین گوند و کێڵگە و باغاتی لەسەر ئەو خوێندنگەیە وەقف کردووە کەوا جزیری تیادا مامۆستا و سەیدا بووە تاوەکو لە ژیاندا بووە دەرس و دەوری تیادا گوتۆتەوە، ئەنجا لە دوای مەرگ و مردنیشی هەر لەو مزگەوت و مەدرەسەیەدا نێژراوە.

لێرەدا وەکو لە بەراییدا ئاماژەی پێدراوە، جزیری قەسیدەیەکی لە پەسن و پیادا هەڵگوتنی میری جزیرە (شەرەفخانی کوری میر ئەبدال)دا هۆنیوەتەوە کەوا لە بەشێکیدا هاتووە:

**ئەی شاهنشاهی موعەظظەم حەق نگەهدارێ تە بی**

**سوورەیی (انا فتحنا) دۆر و مادارێ تەبی**

**هەر کنارێ پێڤە وەرگێری عنانێ هممەتێ**

**زوهره بێ پەیکێ تەو و کەیوان ڕکێبدارێ تەبی**

**دائما مەنزلگەها سوورا تەبت  بورجا شەرەف**

**طالعێ فەرخوندەو و بەختێ سەعید یارێ تە بی**

**ماهتابا دەوڵەتێ یەک پەرتەوەک شەمعا تە بت**

**ئافتابا ڕەفعەتێ بەرقەک ژ ئەنوارێ تە بی**

**لامعێ فەتحا ئەزەل بەرقێ ژ بەرتاجێ تە دت**

**کەوکەبا سەعدا ئەبەد نەجمەک ژ سەییارێ تە بی**

**بەرقێ سوببووحی کو ئیشراقێ ل سەدجانان ددت**

**ئەوکو کەشفا دل دکت ڕەمزەک ژ ئەسرارێ تە بێ**

**ڕایەتا فەتحێ ب نەصرا (لم یزل) مەنشوور بوو**

**شەهسوارێ فەڕڕێ سوبحانی عەلەمدارێ تە بی**

**نەی تنێ تەبریز و کوردستان ل بەر حوکمێ تەبن**

**سەد وەکی شاهێ خوراسانێ د فەروارێ تە بی**

**گەر چ دەر ئیقلیمێ رابع هاتی تەختێ سەلطەنەت**

**پادشاهێ هەفت ئیقلیمان سەلامکارێ تە بی**

تا لە کۆتاییدا دەڵێت:

**مە ب عەیش و نووش و شاهی ئەو فدا عومرێ تە بت**

**چەندە کێ ساڵەک موجەددەت بێت و بێ زارێ تەبی**

**هەر کەسێ نە ژ جان دوعا گۆ و ثەنا خوانێ تە بت**

**گرتییێ قەیدا تەو و ئامانجێ نووبارێ تە بێ**

**مەدرەکێ علمێ ضەمیری شەممەیەک وەصفا تە هات**

**وەرنەکی عالم ب شەئنێ قەدر و مقدارێ تە بی**

**قەست و داخوازا (مەلێ) دائم ژ جان و دل ئەڤە**

**هەر د بەندا خدمەتێ پێشدەستێ دیدارا تەبی**          (دۆسکی، ٢٠١١، ٣٠٣-٣٠٥)

هەروەها جزیری قەسیدەیەکی دیکەشی لەسەر مەدح و ستایشی میر شەرەفخان داناوە کە لێرەدا ئاماژە بۆ چەند دێرێکی دەکەین:

**خانی خانان لامعێ نەجما تە هەر پڕ نوور بی**

**کەشتیا بەختێ تە (أز) بایێ موخالف دوور بی**

**کەوکەبا سەعدا شەرەف دنێڤ بورجا تە بت**

**داتنێ ژ چەرخێ بەلا شوبهی مەهێ مەنظوور بی**

**لەو زیارەت ئاستانێ تێت شەمسا دەوڵەتێ**

**داسەحەرگاهان ژ دیدارا شەریف پوڕ نووربی**

**ئەختەرا تە ژ پەردەیا غەیبێ ئەگەر بێتن ظوهوور**

**دێ بتن (نصف النهار)ە وەرشەبێ دەیجووربی**

**(أیه الکرسي) و (أنعام) هەیکەلا تۆخا تەبن**

**بێ نیهایەت پوڕ موراد و بێ عەدەد مەنصوور بی**

**هەرکنارێ وەرگەڕینی پێڤە عەزم و هممەتێ**

**ڕایەتا فەتحێ ب نەصرا (لم یزل) مەنشوور بی**

**خەیمەتا نوورا عنایەت ظللێ مەمدوودێ تە بت**

**سوورەیێ (أم الکتاب) ماداری حەضرەت سووربی**

**پاشی نەوشیروان دبێم دێ حاکمێ عادل تویی**

**مثلی حاتەم دێ ب دانێ دەرجەهان مەشهووربی**

**ما جزیرێ شوبهێ دارێ تەختێ هەفت ئقلیم بت**

**هەم ب حوکم و سەلطەنەت ئەسکەندەر و فەغفوور بی**

تاوەکو لە کۆتاییدا دەڵێت:

**ما لسانێ من دوعا گوویێ ل دەرحەق وەصفێ خان**

**مەظهەرێ سڕرا کەلامی وەک درەختا طوور بی**

**هەر د مەدحێ تەو ثەنائێ سینەو قەلبێ (مەلێ)**

**بی تەفاوت قولزوما پوڕ لوئلوئی مەنثوور بی**

**ژ ئاستانێ دەولەتێ غائب نەبی جارەک (مەلا)**

**دا ژ فەرمانێ موکەڕڕەم دەم ب دەم مەئموور بی** (دۆسکی، ٢٠١١، ٣٠٧)

## بەشی دووەم

### (١) کورتەیەکی مێژوویی لە بارەی (میرایەتی بابان)ەوە:

لە ڕۆژئاوای زنجیرە چیای زاگرۆسەوە و لە ناوچەکانی پشدەر و مەرگە و شاربژێڕ و قەرەداغ و شارەزوورەوە، وەکو سەرچاوە مێژووییەکان باسی دەکەن، خانەوادەی (بابانەکان) لە سەدەی چواردەی زاینی بەدواوە جلەوی حوکمڕانیان لەو ناوچانەدا گرتۆتە دەست. زنجیرەی سێیەمی ئەو بنەماڵەیە لە ساڵی ١٦٧٠ زاینیدا لە (قەرەچوالان ـ قەڵاچوالان)، وەکو مەڵبەند و پێتەختی میرنشینەکەیان نیشتەجێ بوون. دوای ئەوە لە ساڵی ١٧٨٤دا پایتەختەکەیان گواستۆتەوە سلێمانی و لەو ماوە زەمانیەدا کە پایتەختی میرایەتی لە قەڵاچواڵان بووە ١١ میر و مەزنی بابانەکان حوکمڕانیان کردووە (بابان زادە،

٢٠٢١، ١٥١). هەر لەو ماوەیەدا کە سەدەیەکی زیاتر خایاندووە سنووری نفووز و دەسەڵاتی میرانی قەڵاچوالان لە سنەوە تا نزیک بەغدا و لەوێشەوە تا سنوورەکانی موسڵ و دیاربەکری گرتۆتەوە. بەڵام وەکو (لۆنگریک) دەڵێت؛ هەرێم و میرایەتی قەڵاچوالان هەمیشە وەکو شانۆیەکی ئامادەکراو بووە تاوەکو هەردوو دەوڵەتی تورک و ئێرانی هەرکاتێک ویستیان بێن و ڕۆڵی خۆیان تیادا نمایش بکەن و هۆکارەکانی شەڕ و گێچەڵی تیادا بچێنن (لونگریک، ١٩٦٨، ٢١٥).

لەسەردەمی مەحمود پاشای یەکەمدا (١٧٧٨ تا ١٧٨٣ حوکمڕانی کردووە)، بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری ڕامیاری و کارگێڕی و جوگرافییەوە، بڕیار لەسەر ڕاگواستنی پایتەختی میرایەتی دراوە لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی. لە ڕۆژگاری ئیبراهیم پاشا بە دواوە (١٧٨٣ تا ١٨٠٣حوکمڕانی کردووە)، سلێمانی دەبێتە مەڵبەندی تازەی میرایەتی بابان. لە دروستکردنی شاری تازە دا پێڕەوی لە پلان و پرۆژە و نەخشەسازی شاری نوێ و مۆدێرندا کراوە. ڕەچاوی کەرتەکانی ئاوەدانی لە شوێن و پێگەی سەرای حکومەت و مزگەوت و بازاڕ و خان و کاروانسەرا و حەمام و دۆکان و شوێنەکانی دیکە کراوە. تا ئەوەی لە ئانوساتی دروستکردنی پایتەختی تازەدا هەشت مزگەوتی گەورە و ناودار لە شارەکەدا دروستکراون (جەعفەر، ٢٠١٤، ٧٥-٧٧).

میرایەتی بابان لە سلێمانی لەگەڵ هەموو ئاڵۆزییەکان و بارودۆخی سیاسی و سەربازی و هەڵکشان و داشکاندا، تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم (١٨٥١) بەردەوام بووە. لەو ماوەیەدا میر و پاشای بە دەسەڵات و بەهێزی تیادا هەڵکەوتووە کە توانیویانە حوکمی بەغدا بکەن، وەک ئەوەی لە هێز و دەسەڵاتی ئاوڕەحمان پاشای بابان و مەحمود پاشای کوڕیدا بە دیاردەکەوێت. وەکو لەم بارەوە دیسان لۆنگریک دەڵێت ئەمە یەکێک لە خاسیەت و تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم میرایەتییە بووە لەو سەردەمەدا (لونگریک، ١٩٦٨، ٢٧٨). ئاوڕەحمان پاشای بابان (کە ماوەی ٢٤ ساڵ بەشێوەی پچڕ پچڕ حوکمڕانی کردووە)، ویستویەتی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لە شێوەی دەوڵەتۆکەیەک، دوور لە نفووز و دەسەڵاتی واڵی عوسمانی لە بەغدا و خانی ئێرانی لە کرماشان دەبمەزرێنێت، بۆیە سەردەمەکەی بە یەکێک لە درەوشاوەترین سەردەمانی بابانییەکان ئەژمار دەکرێت.

لە میرە ناودارەکانی دوای ئەو، هەریەکە لە مەحمود پاشای کوڕی و سلێمان پاشای برای و ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا ناویان دێت، کە تیایدا نفووز و دەسەڵاتی میرایەتی تاڕادەیەک لە پێشکەوتن و سەقامگیریدا بووە. (شێخ ڕەزای تالەبانی/١٨٣٧-١٩١٠)، بە دروستی تەعبیری لەو ڕۆژگارە کردۆتەوە و کاتێک دەڵێت:

**لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو**

**نە مەحکوومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**

**لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید**

**مەتافی کەعبە بۆ ئەڕبابی حاجەت گردی سەیوان بوو**

**لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا**

**سەدای مۆزیقەو و نەققارە، تا ئەیوانی کەیوان بوو**

**درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە**

**که مەیدانی جرید بازی، لە دەوری کانی ئاسکان بوو**

**بە زەربی حەملەیێ بەغدایی تەسخیر کرد و تێی هەڵدا**

**سولەیمانی زەمان، ڕاستت ئەوێ باوکی سولەیمان بوو**

**عەرەب ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم، ئەفزەلن ئەمما**

**سەلاحەدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو**

**قوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان، پڕ لە ڕەحمەت بێ**

**کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو**

**کە (عەبدوڵڵا پاشا) لەشکری والی (سنە)ی شڕکرد**

**(ڕەزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش، تیفلی دەبستان بوو** (شوان، ٢٠٢١، ٧٤)

## (٢) ژیانی زانستی و ڕۆشنبیری لە قەڵەمڕەوی میرایەتی باباندا:

بنەماڵەی میرەکانی بابان وەکو شەرەفخان باسیان دەکات کەوا کۆمەڵێکی ئایین پەروەر و بڕوادار بوون، بۆیە لە ڕێوشوێنی ئیسلامەتی لایان نەداوە و گەلێکیشیان پیاوی خودایی و خوێندەوار لێ هەڵکەوتووە (بدلیسی، ٢٠١٧، ٤٥٨). ئەنجا لە دەڤەری باباندا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە سەدان زانای ئایینی، شاعیر و ئەدیب، فەلەکناس و پیاوی دانا و شێخی تەریقەت هەڵکەوتوون. میرەکانی بابان سەرەڕای سەرقاڵیان بە کێشەکانی ناوخۆیی و بەرگریکردن لەبەردەم لەشکرکێشییە دەرەکییەکان، بایەخ و گرنگیان بە خوێندەواری و مزگەوت و مەدرەسە و زانایان داوە (بابان زادە، ٢٠٢١، ٣١٠). بۆ نموونە سلێمان پاشای مەقتوول (لە ١٧٥١ بۆ ١٧٦٥ حوکمڕانی کردووە)، لە قەڵاچوالان زۆر پەرەی بە زانست و خوێندەواری و دروستکردنی حوجرە و مزگەوت و خوێندنگەی ئایینی داوە، مەوقووفاتێکی زۆری لە زەوی و خانوو و خان و دوکان و تیمارات بۆ خزمەتی مزگەوت و مەدرەسەکان لە تەواوی سنووری میرایەتییەکە تەرخان کردووە، بە تایبەتی بۆ مزگەوت و مەدرەسەکانی قەڵاچوالان و گوڵعەنبەر و کۆیە و هەولێر و کەرکوک و مەریوان ... بە جۆرێکی وا کە ئەم وەقفنامەیە لە لایەن دەیان مەلا و زانا گەورەکانی سەردەمەکەیدا مۆرکراون و ئەم وەقفنامەیە لە ئێستادا وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ماوەتەوە (عبدالسلام، ٢٠٠٨، ١٩). سەبارەت بە برەوپێدانی زانست و خوێندەواری لە لایەن میرەکانی بابان لە سەردەمی قەڵاچوالاندا شێخ محەمەدی خاڵ دەڵێت؛ (میران و فەرمانڕەوایانی بابان زانست پەروەر بوون و بەچاوی ڕێزەوە لە شیعر و ئەدەبیاتیان دەڕوانی، هاوکار و پشتیوانی زانا و شاعیران بوون، مزگەوت و مەدرەسەیان دروست دەکردن، پەرەیان بە بواری خوێندەواری دەدا، هەر بۆیە کۆمەڵێکی زۆر لە زانا و دانایانی ناودار و هەڵکەوتە لەو سەردەمەدا پێگەیشتوون کە لە مێژوودا ناویان دەرکردووە لە وێنەی شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٢-١٨٢٦)، مەولانا خالیدی شارەزووری (١٧٧٨-١٨٢٦)، موفتی زەهاوی (١٧٩٣-١٨٩٠)، لەگەڵ دەیان و سەدان تر لە زانایان و ئەدیبانی بەرزنجەیی و چۆری و مەردۆخی و قزڵچییەکان (الخال، ٢٠٢١، ج٧، ٢٣٦). هەروەها لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت؛ (قەڵاچوالان شاری زانست و زانایان بووە، لە شارەکانی کوردستانەوە ڕوویان تێ دەکرد و چەندان مزگەوت و مەدرەسەی لێ بووە

... کتێبخانەی گەورەی بابانەکان لە قەڵاچوالان شەش هەزار بەرگ کتێبی دانسقەی عەرەبی و فارسی تێدابوو، سەرباری ژمارەیەکی زۆری دەستنووس. بابانەکان نووسەر و خەتخۆشانیان دەناردن بۆ شار و شوێنە دوورە دەستەکانی وەکو قاهیرە و مەکە و سەنعا و ئەسفەهان، هەم لە پێناوی کتێب کڕین یاخود ڕوونووس کردنەوەی کتێبە دانسقەکان) (الخال، ٢٠٢١، ج٧، ٢٦٣).

ئاوڕەحمان پاشای بابان، وەکو لە پێشەوە باسی هاتووە، یەکێک لە ناودارترین میرەکانی بابانە لە سەردەمی سلێمانیدا، هەموو مەرجەکانی فەرمانڕەوایەتی تیادا کۆببوویەوە. لە پاڵ ئەوەشدا پیاوێکی زانا و لە خواترس و دیندار بووە و زانست و زانایانی خۆش ویستووە و خزمەتی ئایینی زۆرکردووە. کەسێکی پایە بەرزی وەکو مەولانا خالیدی شارەزووری، ڕەنجووری شاعیری ناودار و عەلی بەردەشانی شایەری تایبەتی میرنشینن، گەلێکیان بە شان و شەوکەتی ئەو میرە و کاروکردەوەکانی لە بواری زانست پەروەریدا هەڵگوتووە کەوا بریتی بوون لە مانە:

ـ دروستکردنی مزگەوت و مەدرەسەی تازە لە ناوچە جیاجیاکاندا.

ـ هێنانی مەلا و زانا ناودارەکان بۆ سنووری قەڵەمڕەوەکەی و دابینکردنی خەرجی و بژێوی بۆیان.

ـ کڕین و نووسینەوەی کتێب و سەرچاوە گرنگەکانی خوێندنی مەلایەتی و وەقف کردنیان.

ئاوڕەحمان پاشا لە سەرەتای دەستبەکاربوونەوە مزگەوتێکی گەورەی بەناوی خۆیەوە دروستکردووە، مەلا و زانای گەورەی بۆ هێناوە، کتێب و سەرچاوەی گرینگی بۆ پەیداکردووە و تەنانەت خۆیشی ناوە ناوە دەرسی بە فەقێکانی مزگەوتەکەی گوتۆتەوە. مەحمود پاشا کوڕی ئاوڕحمان پاشا (لە ١٨١٣ بۆ ١٨٣٤ حوکمڕانی کردووە)، لە سەردانێکیدا بۆ بەغدای پایتەخت و بۆ لای داود پاشای والی، کە دەبینێ مەولانا خالید ئەو خۆشەویستی و پێگە گرنگەی لەلای دەسەڵاتداران و زانا و دانایان و خەڵکی بەغدا دا هەیە، تکای لێدەکات کە بگەڕێتەوە سلێمانی و لە سلێمانیش مزگەوت و خانەقایەکی تایبەتی بۆ دروست دەکات و مەوقووفاتێکی زۆریشی بۆ خزمەتی مزگەوت و مەلا و فەقێکانی تەرخان دەکات (خاڵ، ٢٠٢١، ج٦، ١٥ـ١٦).

ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا (لە نێوان ١٨٣٨ تا ١٨٤٧ حوکمڕانی کردووە)، لە دەورانی دەسەڵاتی خۆیدا کتێبخانەی بابانەکان لە سلێمانی و لە مزگەوتی گەورەدا دامەزراندۆتەوە و بە دەیان دەستنووس و سەرچاوەی گرینگی بۆ پەیداکردووە. تەنانەت لە دوای دورخرانەوەشی لە کوردستاندا و لەو کاتانەدا کە والی عوسمانی بووە لە یەمەن و ئەرزەڕۆم و ئەدەنە، ناوە ناوە کتێب و سەرچاوەی دانسقەی بۆ کتێبخانەی بابانەکان لە سلێمانی ناردۆتەوە (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢، ٢١).

ئەحمەد پاشا ماوەیەکیش لە دوای دورخرانەوەی لە ئەستەمبوڵ ژیاوە بەرلەوەی بکرێتە والی و موتەسەریفی چەند شارێک، زۆر لە پیاوە ناودارەکانی کورد چاویان پێی کەوتووە و ستایشی پیاوەتی و ڕێزداریان کردووە. لەوانە شاعیری ناودار (نالی) چاوی پێی کەوتووە، هەروەها شێخ ڕەزای شاعیریش هەم سەردان و دیدەنی کردووە هەم شیعریشی بەسەردا هەڵگوتووە لە پێشەوە تێکستەکەیمان هێناوەتەوە. تا ئەوەی زانایەکی زمانەوانیی فەڕەنسی بەناوی (خۆدزکۆ)، بە یارمەتی ئەو کتێبێکی ناوداری لەمەڕ فیلۆلۆژی زمانی کوردی داناوە.

لێرەدا وەکو ئەنجامگیری دەتوانین بڵێین، لەگەڵ هەموو ئەو شەڕ و ئاڵۆزی و ناکۆکی و دووبەرەکی و لەشکرکێشی هەردوو ئیمپڕاتۆڕیای ناوچەکە (عوسمانی و ئێرانی) بۆ سەر سلێمانی و تەواوی میرنشینەکە کە لە ئارادا هەبوو، لایەنێکی پڕشنگدار و شارستانی لە ڕەوشت و کار و کردەوەی میرەکانی باباندا هەبوو، هەنگاوی پیرۆز و مەزنیان ناوە لە خزمەتکردن بە زانایان و ئاوەدانکردنەوەی حوجرە و مزگەوت و خوێندنگەکان، لە پشتگیری و پشتیوانی خوێندن و خوێندەواریدا هیچ درێغیان نەکردووە. ڕێزیان لە زانایان گرتووە و بە چاوی پیرۆزی و خێروفەڕەوە سەیریان کردوون. وەک ئەوەی (ڕیچ) لە گەشتنامەیکەیدا ئەوەمان بۆ باس دەکات کەوا مەحمود پاشا و براکانی لە حزووری مەولانا خالید دا بە پێوە دەوەستان و لە خزمەتیدا بوون و قلیانیان بۆ دادەگیرساند. ئەنجا هەر مەحمود پاشا بوو خانەقایەکی بۆ دروست کردبوو، هەموو عەسرانێکیش دەچوو بۆ سەردانی (ریچ، ٢٠٠٨، ٣٠١).

## (٣) نالی، پێشەنگی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی (لقی بابان):

نالی (مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی شارەزووری)یە لە نێوان ساڵانی (١٨٠٠ بۆ ١٨٧٧)دا ژیاوە. سەرەتا لە ناوچەکانی قەرەداغ و هەڵەبجە و سنە دا خوێندوویەتی، لە پاشاندا گەڕاوەتەوە سلێمانی لە مزگەوتی ئاوڕەحمان پاشای باباندا درێژەی بە خوێندن داوە. ئەو بە فەقێیەتی لە قەرەداغ و سنە و سلێمانی لەلای مەلا و زانا ناودارەکانی کوردستاندا خوێندویەتی تاوەکو ئیجازەی وەرگرتووە. لە دواییدا لە خانەقای مەولانا خالید دا جێگیربووە، کە بەم دواییانە ساغ بۆتەوە کەوا پەیوەندی خزمایەتیشی لەگەڵ دا هەبووە (موفتی، ٢٠٢٠، ١٣٣). نالی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەحمود پاشا، سلێمان پاشا مامی مەحمود پاشا و، ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا دا، پێگەیشتووە و شانوشکۆی وەکو زانایەکی دیار و مەزن شاعیرێکی بەرجەستە بەدیارکەوتووە. بابانەکان ڕێزیان لێگرتووە و پلە و پایەیەکی بەرزیان بۆ داناوە.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا و لە هەرەتی دەرکەوتنی نالی، شیعر و ئەدەبی کوردی، لە فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و ئەدەبی هونەری و نووسراو دا، لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی (شارەزوور و قەرەداغ و بازیان)دا بە دیالێکتی گۆران بووە، کە بە هۆی پشتیوانی میرایەتی ئەردەلان سەدان ساڵ بوو ئەم ئەدەبە بەم دیالێکتە لە ئارادا بووە، تەنیا لە ناوچەکانی شارباژێڕ و باکووری سلێمانیدا نەبێت کە بەشێک بووە لە سنوور و قەڵەمڕەوی دیالێکتی کوردی ناوەندی (موکریانی). کە ئەمە هەر خۆیشی شێوەی ئاخاوتنی خێزان و بنەماڵەی میرەکانی بابان خۆیشیان بووە (خەزنەدار، ٢٠٠٣، ٣٠). بۆیە لەگەڵ پەرەسەندنی هێز و دەسەڵاتی میرایەتی و جیگیربوونی لە شاری سلێمانیی پایتەختی تازەدا، گۆرانی وەکو زمانێکی ئەدەبی دێرین و باو بەرە بەرە گڵۆڵەی کەوتۆتە لێژی و زمانێکی ئەدەبیی تازە (بابان) لەسەر بنەمای دیالێکتی موکریانی، کە شێوە ئاخاوتنی بابانەکان و شارباژێڕ بووە، هاتۆتە ناوەوە و وردە وردە لەسەر حیسابی گۆرانی جگە لە سلێمانیی پایتەخت، لە ناوچەکانی هەڵەبجە و قەرەداغ و کەرکوک و گەرمیانیشدا کە لە قەڵەمڕەوی میرایەتی بابان بوون، پەرەی سەندووە و بۆتە باو وەکو لە قسەکانی (جویس بلۆ)شدا هاتووە، خودی ئاوڕەحمان پاشا پشتیوانی ئەدیب و هونەرمەند و شاعیرانی کردووە و هانی داون بۆ ئەوەی پشت بکەنە گۆرانی و داواشی لێکردوون ڕووبکەنە (سۆرانی)، (بلو، ٢٠١٦، مدارات کرد).

دیاره وەکو زانراوە (نالی) شاعیری پێشەنگ و پایەبەرزی ئێمەش، ماوەیەک خوێندکاری مەدرەسە و مزگەوتی ئاوڕەحمان پاشا بووە و لەوێ ئیجازەی وەرگرتووە. ئەنجا وەکو شێخ محەمەدی خاڵ دەڵێت؛ لەم ساڵانەی دواییدا لەکاتی ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکەدا چەند دانە دەستنووسی شیعری نالی دۆزراونەتەوە کەوا بە دەستخەتی خودی خۆی بووە (الخال، ٢٠٢١، ج٧، ٢٥٣).

لەسەرەتادا دەستپێشخەری ڕووکردنە زمانی ئەدەبی بابانی بەر لە نالی و هاوڕێکانیشی، لە ئەدەبی میللیدا بۆ (عەلی بەردەشانی/ ١٧٦٧-١٨٠٩) دەگەڕێتەوە، کە مەنزوومەیەکی ناوداری بە ناونیشانی (بەیتی ئاوڕەحمان پاشای بابان)دا لە وەسفی میری بابان و شەڕ و ئازایەتی و نەبەردییەکانیدا هۆنیوەتەوە. لە ئەدەبی هونەری و نوسراویشدا هەرکام لە (ڕەنجووری/ ١٧٥٠-١٨١٠) و (ئیبن الحاج/ ١٧٠٠-١٧٧٠) پێشتر ئەم ئەزموونەیان تاقیکردۆتەوە، بەڵام ئاڵوگۆڕە گرینگ و بنەڕەتی و ڕاستەقینەکە لەسەر دەستی نالیدا ڕووی داوە.

نالی هەوڵیداوە، وەکو ئەوەی پێشتر مەلای جزیری کردوویەتی، هەموو ئەو فۆرم و تەکنیک و هونەرەکانی شیعر کە لە ئەدەبی دێرینی عەرەبیدا هەبوون، لە ڕێگەی ئەدەبی فارسیدا هەڵیان بهێنجێت و لە دوایە بە دەستڕەنگینی و وەستاکارانە بەو زمانە ئەدەبییە تازەیە، سامانێک لە شیعری کوردی کلاسیکمان بۆ بخاتەوە. تا ئەوەی شاعیرانی هاوڕێی و هاوسەردەمی لە وێنەی (سالمی ساحێبقران/ ١٨٠٥-١٨٦٩)، (مستەفا بەگی کوردی/ ١٧٨٢-١٨٥٩)، (نەفعی/ ؟-١٨٤٧)، (مەلا وەسمان/ ١٨٠٦-١٨٨٩) پێڕەویان لەم ڕێبازە کردووە و ئەزموونەکەی نالیان دەوڵەمەندکردووە.

دیارە ئەم ئەزموونەی ئەدەبی کوردی ناوەڕاست (بابان) کە لە باوەشی میرایەتی باباندا و بەشێوەیەکی بەهێز لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵداوە، لە شێوەی لە دایکبوونێکی تازە و نوێ بووە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی، لە هەمان کاتیشدا درێژەپێدەر و تەواوکەری باڵەکەی دیکە بوو کە لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەدا لە بۆتاندا سەری هەڵدابوو. هەروەها چۆن جزیری شێوە ئاخاوتنی ماڵباتی ئازیزان و ناوچەی بۆتانی کردۆتە زمانی شیعر و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ئەو ئەزموونە ئەدەبییە، بە هەمان پێوودانگ نالیش شێوە ئاخاوتنی بنەماڵەی بابانەکان و میرایەتی بابانی کردۆتە زمانی شیعر و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ئەزموونە ئەدەبییەکەی.

لێرەدا لە باسی پەیوەندی نزیکی نالی لەگەڵ میرەکانی باباندا ئەم بڕگەیە لە ئەمین زەکی بەگ وەردەگرین کە دەڵێ؛ مەرحووم نالی لەم دەورەیەدا بوو (مەبەستی دەورەی سلێمان پاشای بابان ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشایە) مەنظوومەیەکی شیرینی تەعزیە و تەبریک بۆ ئەحمەد پاشا نووسیوە (زەکی، ٢٠٠٦، ١١٤). کە ئەمە دەقی تێکستەکەیە:

**تا فەلەک دەوی نەدا ـ صەدکەوکەبی ئاوا نەبوو**

**کەوکەبەی میهری موبارەک طەلعەتی پەیدا نەبوو**

**تا نەگریا ئاسمان و، تەم وەڵاتی دانەگرت**

**گوڵی چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وانە بوو**

**تا چەمەن پیرا لەسەر ئەصلی درەختی لانەدا**

**فەرعی تازە خوڕڕەم و بەرز و بوڵند باڵا نەبوو**

**تا (سولەیمانان) نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت**

**(ئەحمەد موختار)ی ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو**

**قیصصە بێ پەردە و کینایەت خۆشە: شاهی من کەوا**

**عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو**

**بۆ نشینگەیی مورغی ڕووحی ئەو کە عالی فیطرەتە**

**جێگەی خۆشتر لە ڕەوضەی (جنة الماوى) نەبوو**

**وەک قیاسێکی کە موثبەت بێ، نەتیجەی بێتەجێ**

**حەمد و لیللا شەهـ کە عالي جا بوو، خالی جا نەبوو**

**شاهی جەم جا (نالیا) (تاریخ جم) تەئریخییە**

**دا نەڵێن لەم عەصرە دا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو** (مدرس، ١٩٧٦، ٣٧٠)

هەروەها نالی لە وەسفی سوپا و سەربازانی ئەحمەد پاشای باباندا گوتوویەتی:

**ئەم طاقمە مومتازە کەوا خاصصەیی شاهن**

**ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن**

**صەف صەف کە دەوەستن بەنەظەر خەططی شوعاعن**

**حەڵقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن**

**نەرگس نیگەهو ساق سەمەن، کورتە بە نەفشەن**

**موو سونبول و ، ڕوومەت گوڵ و، هەم لالە کولاهن**

**گوڵزاری دەر و دەشتن و غیلمانی بەهەشتن**

**ئاهوو صەف و، ئاتەش بە کەف و، تیزنیگاهن**

**صەحرا بە تەجللی دەکەنە وادییی ئەیمەن**

**قامەت شەجەرو ، مەظهەری ئەڵطافی ئیلاهن**

**گەهـ طاوس و، گەهـ کەبکن و، گەهـ بۆ قەڵەموونن**

**گەهـ ئاتەش و، گەهـ شوعلە، گەهێ دوودی سیاهن**

**لالە بە بەدەن، ئەطڵەسی ئەخضەر کە لەبەرکەن**

**نەوڕەستە گوڵن، بەستە لەگەل دەستە گیاهن**

تا دەڵێ:

**(نالی) بەخودا حەیفە دەڕەنجێنی دڵی خۆت**

**ئەم طاقمە مەخصوصە هەموو صاحیبی جاهن** (مدرس، ١٩٧٦، ٣٤٠)

## ئەنجام

١ـ دامەزراندنی چەند میرگەهـ و قەوارەیەکی سیاسی و نیمچە سەربەخۆ، لەلایەن چەند بنەماڵەیەکی حاکم و فەرمانڕەوای کوردان و باڵکێشانی ئارامییەکی سیاسی و سەقامگیر لەو ناوچانەدا، بوو بە مایەی گەشەسەندنی شار و باژێڕ و پێشکەوتنی ژیانی ئابوری و شارستانی. هەر بەو پێیەش بوو بە مایەی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و پێشکەوتنی ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی.

٢ـ میر و مەزنەکانی کورد لە هەرێمی بۆتان و باباندا لە سۆنگەی خواپەرستی و ئاییندارى یادانایی و تێگەیشتن بووبێت، زۆر بایەخیان بە زانست و زانیاری و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری داوە. لە سنوری هەردوو میرایەتیدا، مزگەوت و مەدرەسە و خوێندنگەیان ئاوەدان کردۆتەوە، ڕێزیان لە مەلا و زانایان گرتووە، کەشێکی لەباریان بۆ پەروەردە و فێربوون ڕەخساندووە، بودجە و ماڵیات و مەوقووفاتی مشەیان لەو پێناوەدا بە خەرج داوە.

٣ـ لە میرگەهی بۆتاندا و بەتایبەت لە ڕۆژگاری میر شەڕەفی کوڕی میر ئەبدالدا، کەشوهەوایەکی شارستانی و ڕۆشنبیری وا هاتوتە پێشەوە، تاوەکو دانایەکی وەکو جزیری دەستپێشخەری بکات، هەم زمانی کوردی ـ ناوچەی بۆتان، بکات بە زمانی شیعر و ئەدەب و زمانی یەکگرتووی ئەدەبی لە هەموو ناوچەکەدا، هەمیش هونەرەکانی ئەدەبی کلاسیکی ڕۆژهەڵات (عەرەبی و فارسی) بێنێتە ناو شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و بەم کارەش دەرگا لەسەر دامەزراندنی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی بکاتەوە.

٤ـ لە سنووری قەڵەمڕەوی میرایەتی باباندا و لە زەمان و زەمینەیەکی جیاوازدا، بەڵام لە سایەی هەمان هەڵومەرج و کەشوهەوای سیاسی و شارستانی و ڕووناکبیری ژێر دەسەڵاتی میرەکانی باباندا، هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە و نالی شارەزووری دەستپێشخەری دەکات لە هێنانەکایەی ئەزموونێکی تازە لە ئەدەبی کلاسیکی بە کەرەستە و دیالێکتی کوردی ناوەڕاست (بابان).

٥ـ بەم شێوەیە لە سنوور و قەڵەمڕەوی هەردوو ئەزموونی حوکمڕانی خۆماڵیی کوردی (بۆتان و بابان)دا، دوو ئەزموونی ئەدەبی پێشەنگ لەسەر دەستی دوو مرۆڤی بلیمەت و دوو شاعیری هەڵکەوتە مەلای جزیری و نالی، قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی بە هەردوو باڵ و هەردوو لْقی (بۆتانی) و (بابانی)یەوە لەسەدەکانی حەڤدەهەم و نۆزدەهەمدا دادەمەزرێت و بەرپا دەبێت.

## ژێدەر


١ـ ئامێدی، صادق بهاءالدین، ١٩٨٠، هۆزانڤانێت کورد، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.

٢ـ بابان زادە، کامەران جەمال، ٢٠٢١، میرنشینی بابان، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.

٣ـ بدلیسی، شەرەفخان، ٢٠١٧، شەرەفنامە، وەرگێڕ: سەلاحەدین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی.

٤ـ بلو، جویس، ٢٠١٦، الادب الکوردی المکتوب، قراءة وترجمة: عبدالکریم عته، موقع مدارات کرد.

٥ـ توفیق، د.زرار صدیق، ٢٠٠١، کردستان فی القرن الثامن الهجری، دار موکریانی، اربیل.

٦ـ جەعفەر، مامۆستا، ٢٠١٤، سلێمانی ـ ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧ـ خەزنەدار، د.مارف، ٢٠٠٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٨- حسن، سلام طه، ١٩٨٩، جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، اربيل.

٩- خاڵ، شێخ محەمەدی، ٢٠٢١، ناڵەی دەروون، کۆ بەرهەمی شێخ محەمەدی خاڵ، جزمی دووەم (٦)، ناوەندی هزری و ڕۆشنبیری خاڵ، سلێمانی.

١٠- الخال، الشيخ محمد، ٢٠٢١، البيتوشي - الشيخ محمد الخال، ج٧، مركز الخال الفكري و الثقافي، السليمانية.

١١- دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، ٢٠١١، دیوانی مەلایێ جزیری، دەزگەها سپیرێز، چاپا دوێ، دهۆک.

١٢- زەکی، محەمەد ئەمین، ٢٠٠٦، تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٣- الزڤنگی، احمد بن الملا محمد، ٢٠١٣، العقد الجوهري فی شرح ديوان الشيخ الجزيري، نوبهار، ئیستامبۆل.

١٤- سمایل، عەباس سلێمان و نەجیبە زرار هۆرمزیار، ٢٠٢٢، چەند بابەتێکی کولتووری کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

١٥- شوان، ئەمین، ٢٠٢١، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

١٦- عەبدوڵڵا، دکتۆر نەجات، ٢٠٢٢، گەڕان بەدوای مرواری، کتێبی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

١٧- عبدالسلام، د. عماد، ٢٠٠٨، مركز ثقافية مغمورة في كردستان، دار موكرياني، اربيل.

١٨- عزت، الدكتورة فائزة محمد، ٢٠١١، الكرد في اقليم الجزيرة و شهرزور في صدر الاسلام، مطبعة خاني، دهوک.

١٩- کۆمەکا ڤەکۆلەران، ٢٠٢٠، کورد و هەرێما جزیرا فوراتێ، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی.

٢٠- لونگریک، المستر ستيڤن هيمسلي، ١٩٦٨، اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، مطبعة المعارف، بغداد.

٢١- محەمەد، د. ئاکۆ بورهان، ٢٠١٨، مێژووی میرنشینە کوردییەکان لە چاخی نوێدا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٢٢- محمد، ئاكۆ برهان، ٢٠٠٠، الحياة العلمیية في دياربكر و جزيرة ابن عمر في القرن الخامس الى القرن السابح الهجری، رسالة ماجستير، جامعة صلاالدين، اربيل.

٢٣ـ موفتی، عوسمان ڕەشاد، ٢٠٢١، زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٢٤ـ هەژار، ١٣٥٩، دیوانی مەلای جزیری، سروش، تاران.

٢٥ـ هروری، د. صلاح محمد سليم، ٢٠٠٤، امارة بوتان في عهدالامير بدرخان، اربيل.

٢٦ـ يوسف، عبدالرقيب، ١٩٧١، ديوانا كرمانجى، مطبعة الادب، النجف الاشرف.

## دور الامارات الكوردية في انبثاق مدرسة الشعر الكلاسيكي الكوردي إمارتا ( بۆتان و بابان) نموذجاً

أدى تأسيس إمارات كوردية تحت زعامة عائلات كردية حاكمة في نطاق الامبراطوريتين العثمانية والايرانية، أدى الى وجود ما يشبه دويلات كوردية تتمتع بشيء من الحرية والاستقلال مما خلق نوعا من الاستقرار السياسي سمح بدوره بتأسيس المدن وازدهار الحياة الاقتصادية والاجتماعية، وبالتالي أحدث نهوضاً وتطوراً في مجالات التعليم والأدب والثقافة. ونرى بأن الحكام والأمراء الكورد في كل من إقليمي (بۆتان و بابان) على سبيل المثال؛ قد تبنوا إيجاد وتأسيس الجوامع والمدارس الدينية ومراكز التعليم المختلفة، والاشراف على عملها والانفاق عليها بسخاء وتوفير فرص التعليم والدراسة لكل من يحتاجها. فقد أدى هذا الوضع من جهة، الى خلق نهضة أدبية وثقافية رائدة في نطاق إمارة بوتان ومركزها التاريخي مدينة الجزيرة على يد الشاعر الصوفي والعارف الرباني العتيد (مەلای جزیری / ١٥٦٧ـ١٦٤٠)، حيث تبنى الكوردية - البوتانية كلغة أدبية للشعر والابداع، مستلهماً كافة الفنون والأساليب البلاغية الموجودة في الآداب الشرقية (العربية والفارسية)، فقد إستفاد منها ووظفها من اجل خلق وتدشين تجربة جديدة في تاريخ الأدب الكوردي؛ ألا وهو تثبيت أركان المدرسة الكلاسيكية في الشعر والادب الكوردي وذلك في القرن السابع عشر الميلادي. ومن جهة أخرى، إنبرى الشاعر (نالی شارەزووری /١٨٠٠-١٨٧٧) ليعيد التجربة وبشكل خلاق في نطاق الامارة البابانية ومركزها العتيد مدينة السليمانية، ليستكمل النصف الاخر من الخارطة الأساسية للمدرسة الكلاسيكية عن طريق تبني الكوردية - البابانية، مستفيداً أيضا من الأساليب والفنون البلاغية الأدبية العربية والاسلامية كما سبق أن استقدمها الجزيري الى نطاق الشعر والادب الكوردي . وبهذا فقد شكلت الامارتان

الكورديتان في كل من بوتان وبابان الأرضية الخصبة والتاريخية لانبثاق مدرسة الشعر الكلاسيكي الكوردي بشقيها البوتاني والباباني خلال القرنين السابع عشر والتاسع عشر؛ وذلك على يد الشاعرين الملهمين والرائدين الجزيري ونالي٠

## The Role of the Kurdish Emirates in the Emergence of the School of Classical Kurdish Poetry: Two Emirates (Batan and Baban) as an Example.

The establishment of Kurdish emirates under the leadership of ruling Kurdish families within the scope of the Ottoman and Iranian empires led to the existence of what resembled Kurdish states enjoying some degree of freedom and independence, which created a kind of political stability that in turn allowed the establishment of cities and the prosperity of economic and social life, and thus brought about a rise and development in the fields of education and literature and culture. We see that the Kurdish rulers and princes in both regions (Botan and Baban), for example; adopted the creation and establishment of mosques, religious schools, and various educational centers, supervising their work, spending on them generously, and providing education and study opportunities for everyone who needs them. The well-known divine character (Malay Jaziri / 1640-1567), who adopted Kurdish-Botani as a literary language for poetry and creativity, drawing inspiration from all the arts and rhetorical methods found in oriental literature (Arabic and Persian). He benefited from and employed them in order to create and inaugurate a new experience in the history of Kurdish literature; which is to establish the pillars of the classical school in Kurdish poetry and literature in the seventeenth century A.D. On the other hand, the poet (Nali Sharazoori / 1800-1877) endeavored to recreate the experience creatively within the scope of the Babani Emirate and its future center had become the city of Sulaymaniyah, to complete the other half of the basic map of the classicism school by adopting Kurdish-Babani, also benefiting from Arabic and

Islamic literary rhetorical styles and arts as previously introduced by Al-Jaziri to the scope of Kurdish poetry and literature during seventeenth and nineteenth centuries. This was done by the inspiring and pioneering poets Al-Jaziri and Nali.

## کارنامەی زانستی

(١) پ.د. عوسمان حەمەد خدر دەشتی.

- لە ساڵی (١٩٥٢)دا لە شاری هەلێر لە دایکبووە.

- قۆناغەکانی خوێندنی (سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی) لە هەولێر تەواوکردووە.

- لە ساڵی (١٩٧٥) بڕوانامەی دیبلۆمی لە بواری پەروەردە و فێرکردن وەرگرتووە.

- لە ساڵانی (١٩٧٥-١٩٨٠) لە دێهاتی ناوچەی پشدەر و ڕانیە مامۆستا بووە.

- (١٩٩٢ بۆ ١٩٩٦) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.

- لە نێوان ساڵانی (١٩٩٩ بۆ ٢٠٠٧) بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرای لە بواری ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.

- سەرپەرشتی چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرای کردووە و لە دەیان لێژنەکانی تاوتوێکردنی نامەکانی ماستەر و دکتۆرا دا بەشداری کردووە.

- لە چەندین کۆڕ و کۆنفرانسی زانستی و نێودەوڵەتی لە ناوەخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا بەشداری کردووە.

- ماوەی بیست ساڵ مامۆستای وانەبێژ بووە لە بەشی کوردی فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆ کۆیە.

- بیست کتێبی لە بوارەکانی شیعر و ئەدەب و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بڵاوکردۆتەوە.

- بیست و سێ توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە ئەکادیمی و زانستییەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

- لە ئێستادا ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردییە.

C.V

سی ڤی

- ناو : دکتۆر دەریا جەمال حەوێز حەوێزی
- بڕوانامە : دکتۆرا
- پلەی زانستی : پرۆفیسۆی یاریدەدەر
- ساڵی لەدایکبوون: ساڵی ١٩٧٨ لە شاری کۆیە.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردی هەر لە زانکۆی کۆیە بەدەست هێناوە،
- لە ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفەی لەبواری فەلسەفەو ڕەخنەی شیعری هاوچەرخی کوردی لەزانکۆی کۆیە بەدەستهێناوە.
- خەڵاتی یەکەم فەرمانبەری زانکۆی کۆیەی پێدراوە.
- خاوەنی ١٤ کتێب و ١٢ لیکۆڵینەوە و وتاری ئەدەبییە لە بواری پسپۆری خۆیدا.
- لە چەندین کۆنفرانسی زانستی و نێودەوڵەتی لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەدا بەشداری کردووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (کەکۆن) ە کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییەو لە کۆیە دەردەچێت، و لە ساڵی ٢٠١٤ خەڵاتی گۆڤارەکەی پێبەخشراوە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (شارەوان) ە کە گۆڤاری ڕۆشنبیری گشتییەو لە کۆیە دەردەچێت.
- ئەندامی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژە.
- مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی فەکەڵتی پەروەردەی زانکۆی کۆیە و هەر لەکۆیەش نیشتەجێیە.
- کوردستان – هەولێر – کۆیە زانکۆی کۆیە - فەکەڵتی پەروەردە - بەشی زمانی کوردی
- Email: Darya.jamal@koyauniversity.org
- F.b. Darya J. Hawezi